# دەنگ بە لیستەکەی عومەری خاوەر دەدەین




ئیسماعیل خورماڵی

2009

بۆنی ژەهر خۆش بێ خودا

هەموو یار ساڵێکی دڵمان

دەبینەوە بە مەحشەری پەروانە و گوڵ

هەموو بەهارێکمان خودا

وەک چاڵ پڕ دەبینەوە لە ئێسک و پرووسکی یەک

پڕ دەبینەوە لە ژەهر و هەوای ناجنس

پڕ دەبینەوە لە عەشقی شارە عیشق

پڕ دەبینەوە لە موناجاتی کۆست و

وەک پەڕۆی باران شۆردەی سەرمەرقەدەکان خودا ، ڕەنگمان لە بەر دەڕوا

وەک تاف و بۆینباخی ئاو خودا ، بە گەردنی شاخێکی چاوباشقاڵی هەورامانەوە

تافی ئەشک و تەلای چاومان

چنگ لە بەردی بن چەماو و

چنگ لە خوێنی قولایی دڵ دەگرن

هەموو ساڵێ ، کە بەهار دێ خودا

ئێمەی هەڵەبجەییانی تارژەنەشاری ژەهر ، عاشقێکێن جودا

لە ژووانی سەرقەوراندا ، گوڵ بە دڵداره کوژراوەکانمان دەدەین

لەبن دارێ ملوانکەی جوانترین چەوی هەناوی چەم ، لە ملی کێلە بێ نازەکانمان دەکەین

کە بەهاردێ خودا ، ئێمە عاشقێکین جودا ، عاشقێکین بێدەنگ

مەخلووقێکین تەواو بێ دەنگ ، بێ دەنگ بێ دەنگ وەک قەومی ڕیحانە شاران

بۆنەمان جودا و هەڵبژاردنمان جودا و لیستمان جودا و ڕەنگمان جودا خودا

ئێمە لیستمان ، لیستی خاک و لیستی خوێن و لیستی تەرم و لیستی نیشتیمانێکی قەرەبرووت

ئێمە دەنگمان ، دەنگی گەڕەکی کوژراو و دەنگی گوڵی بێوەژن و دەنگی داری لارە مل و

دەنگی تەیرە کوێرەکان و دەنگی خورما ماسییەکانی ئاو و

دەنگی منالانی بەرمەمکانەی ئاورا و برسی و

دەنگی شیعر و

دەنگی بانگی پیرە مزگەوتەکەی پاشایە خوا

بەلام خودا ، ئێمە وەک کەس ناکەین

چاو لە زەین و حیلەی سەرزەمینیش ناکەین

بۆ بردنەوەی گەمەکانی جوانی و ئاخیرەت خوا ، ئێمە

بە لیستی گوڵە کوێرەکانی گوڵان و بە لیستی تەیرە بێ باڵەکانی عەنەو

بە لیستی کۆکەی کانییەکانی بامۆک و بەلیستی پەنجەرە کاڵبووەکانی هاوار

بەشداری لە گەمە و هەڵبژاردنەکانی خاک دەکەین

بەڵام خودا ئێمە وەک کەس ناکەین

چاو لەزەین و حیلەی سەر زەمینیش ناکەین

بە نانی گوڵ ، دەنگ ناکڕین و

بە ناوی گوڵ

پۆز بە سەر لیستی باران و

پۆز بەسەر لیستی گەواڵەدا لێ نادەین

کە بەهار دێ خودا ، ئێمە مەخلووقێکین بێدەنگ

مەخلووقێکین جودا و مەخلووقێکین مەزڵووم

قەومێکین خوا

لە بیرچووی ژمارەی هەموو ڕەنگەکان و

لە بیرچووی  هەموو دەسەڵاتەکانین خوا

بیست و یەک ساڵی ڕەبەقە ،

باخی لەشمان ئاگری خوێن دەیخوا و

کاکڵەی هەورە لۆکەیەک لە میهرەبانی

ئەم ئاگرە خوێنەی نەوەستان

بیست و یەک ساڵی ڕەبەقە

چڵپاو پێی منداڵ و کۆڵانی خواردووین و

کەوشی بەڵێن و عەهدێ نەگەشتە پێمان

بیست و یەک ساڵی ڕەبەقە

وێنە و ناومان ،

کلۆڵیمان وەک تووتنی تازە چەرداخ

بەو بازرگان و بەم بازرگان دەفرۆشن

وەک ئاوی لۆکە بە جامی قۆزاخەوە

دەمانفرۆشن و هەر جارێ

لە نانی کۆست ، نانی کۆستێ ، نانێنە سەر نانەشانی خووانێکمان

بیست و یەک ساڵی ڕەبەقە ، وەک لۆکەی لێفەی هەڵوەشاو

بۆ سەرینی ژوور سەری ئەم مەرام و ئەو مەرام

دەماندەنە ئەم هەلاجی درۆ و ئەو هەلاجی درۆ و

نەیانتووانی و نەتانتووانی ، چکۆڵەترین چرای خەونمان هەڵکەن

نەیانتووانی و نەتانتووانی ، ڕێ لە قوڵپی برینێکمان بگرن

بیست و یەک ساڵی ڕەبەقە ، لەم دەڤەر و لەو دەڤەردا

سەری ئەم ماڵ و ئەو ماڵ ، خوا

بەو ئاسمان و ئەو ئاسماندا دەبەن و

ئێمەش چاومان چەقیوەتە ناو قوڕی کەلاوە و

هێشتاش بۆنی ژەهر و بۆنی سێو لە دەممان دێ

نەتانتوانی و نەتانتووانی ،

ماڵێ لە عەشق بەرنەوە کانیئاشقان

هەڵەبجە بە هەڵبجەی گۆران کەنەوە

بەردێکی لای کانییە قوڵکە و

درەختێکی لای مۆردانە بە سەوزایی ئاشت کەنەوە

نەتانتووانی و نەتانتووانی ،

لەو هەموو دێڕی زوڵمەدا

لە ئیعرابی دڵنەواییەکدا جێمان کەنەوە

لەو ڕێی هات و نەهاتی ژەهر بارینەی شاردا

بەو کۆڵی بەڕەزا و چووزە ڕێواسی نەگبەتییەوە

فەرەنجی سەوزایی مەرگێ لەسەر شانمان بگرن

نەتانتووانی و نەتانتووانی

بەقەد زێبایی مەرجانی ئەو هەموو تەرمە ڕژاوەی کووچە

گووزەرانێ ، هەر نەبێ ، حاڵی درەختێکی بەر بامان بەنێ

هەر نەبێ نا

وەک جۆباری دەم ووشکەڵاتووی لای قشڵاخێکی جاران

نۆرە ئاوی عەشقێکمان بخەنەوە سەر

ئاخەر ئێمە لە تریفە و بەفر و ڕیشۆڵەوە

کەلەوەر خستنە سەر پشتی عەشق فێربووگین

تازە ئێمە ، ئێمە بێ عیشق دەرنابەین

بێ مەرحەوایی چناری ئاواییەک

لە عوومری فەجرێ دەرناوەین

جەخار جەخار هەڵەبجەکەم

کوا سەردەمی گۆران و شەلالی شیعرت

کوا شکاری ڕاو و ئەسپ و قوونەی کەروێشکی سەوزاییت

کوا قریوەی تەلا کچی سەر سەرەڕێی کانیاوانت

کوا قوڵپ و جورعەی شەوانی خۆش مەشرەبی نیوەشەوانی پیاوانت

جەخار هەڵەبجەکەم ، ئەی تارژەنە شاری ژەهر

تۆ هەنووکە جامی سەوزاییت لە دەم کەوتووەو و

تۆ هەنووکە باخەڵی ئاوەدانییت پڕبووە لە کوون

دڵگیر مەبە ، تۆ هەنووکە

زێباترین کەلاوەی ناو نیشتیمان و

کەڵەگەتترین دەغیلەی ئەم وڵاتەی

دڵگیر مەبە خۆت ڕووتەڵە و کەچی

خەرجی گەدا وپاشاش لە سەر تۆیە

خۆت ڕووتەڵە و وێری گووللەی شەڕ و شۆڕیش لە سەر تۆیە

بمرم ئەی شار ، خۆت ڕووتەڵە و

سەرفی جل و

پارەی تەنوورەی کچەکانی قەیسەر و

سووراوی - لۆریال و شانیێل و لانکۆم - یشیان لەسەر تۆیە

خۆت ڕووتەڵە و خەرجی حووزنی هەموو وڵات لەسەر تۆیە

کە بەهار دێ ، خودا

ئێمە مەخلووقێکین بێدەنگ ، مەخلووقێکین مەزڵووم

بەڵام

عەهد بێ خوا

بۆ لەمەو دوا

دەنگ بە لیستەکەی عومەری خاوەر نەبێ

دەنگ دەنگ بە هیچ لیستێک نەدەین

تەپ و تۆزی بەرماڵەکەی خۆمان نەبێ

ئاوڕشێن و ڕەنگ ڕشێنی ، هیچ ڕەنگێ نەکەین

بژاری حەوشەی مەینەتی خۆمان نەبێ

تەنگ بە گیا و مەلەوێچەی دەوری هیچ شەتڵێ هەڵنەچنین خوا

لە فرمێسکان ، دەوری پێڵووی خۆمان نەبێ

وەک پلووسکی عاسیترین کانی

نەڕژێنە سەر هەنێ و جەبینی ئەم بەرد و ئەو بەرد

شەرتە چیتر وەک پووشی ڕۆح ، ئاگری هەموو مقامێ گڕمان نەدا و

وەک تەنکایی هەموو ئاوێکی خۆش بڕوای زەردەپەڕان

بە ماسی گوفتە بەڵێنی

زریێباری هیچ ڕەنگێ ، ڕەنگێ لە خۆمان تێنەکەوین

ئاخەر زۆرتان ووت و هیچتان نەکرد

زۆرتان ووت و

بەرچنەی ڕژاوی هەنجیر فرۆشێکی تریفەتان نەچنییەوە

زۆرتان ووت و

لەو مەملەکەتی هەموو دەرمانەی بەشتان

دەرزی سەوزاییەکتان لە پشتی چنارێکی عەنەب نەدا

زۆرتان ووت و هیچتان نەکرد

ئەی کوانێ ؟ ئەی قەول نەبوو ؟

لە حیرسی هەڵەبجە و سووتووی گەرمیان و بادیناندا

لە هەڵەبجە سەگی تکریت لە دار بدرێ و

لەویٚ لەو نیشتیمانی عومەر و لەویٚ لەو نیشتیمانی حیلمییەدا

غەزەب بتانگریٚ و سەری زیندانی غەزەب لە کورد داپۆشن

ئەی کوانیٚ ؟ ئەی قەول نەبوو ؟

لە زستانی پاردا ،

لە شەوی هەڵلەرزیی هەر هەتیویٚکدا

وەک رۆژە فڕکە و قافڵەی سەفەری خۆتان

قافڵەی ئۆتۆمبیٚلی ، لەڕیحانەی سەر سەکۆی ماڵە گوندیٚ ڕەشتر و ڕەشتر

بە کۆڵی با

سرکەیی دەشتی حەمرین و

کەرکووک بە نیشتیماندا کەنەوە

زۆرتان ووت و هیچتان نەکرد

ئەی کوانیٚ ؟ ئەی قەول نەبوو ؟

بۆ لەمەو دوا

مناڵانی پیرمحەمەد

مناڵانی گوڵعومەری بیٚ ڕۆشنایی

لە چەمی ڕەنگ و خەوندا مەلە بکەن و

لە پۆلی هەساران و

لە مەکتەبەکەی ئاسماندا

بە قەڵەمی داری جەننەت ویٚنە بکەن

زۆرتان ووت و هیچتان نەکرد

ئەی کوانیٚ ؟  ئەی قەول نەبوو ؟

له شەوقی شەوی خۆتاندا ، خۆتان

گڵۆپێکش بەسەر قەوری شەهیدێکی هاوڕێتاندا هەڵکەن

له شەوی بەفر بارینێکی شاردا شار ، بچنە لایان

له حیکایەتی شۆڕش و له نووکتە و له جەولەی شەوێکی شارەزووریان بیر بێننەوە

گەر ڕووتان دێ ،

له هەواڵی دایکێکی نان کەر و ژنێکی جل شۆر و

له هەواڵی کۆرپەیەکی جگەرە فرۆشیان بەنێ

زۆرتان ووت و هیچتان نەکرد

عەهد بێ خوا

دەنگ بە لیستەکەی عومەری خاوەر نەبێ

دەنگ دەنگ بەهیچ لیستێک نەدەین

عەهدبێ خوا

عەهد

عەهد

2009/ ئەڵمانیا